


# دەنکە چیرۆکەکان

تەها ئەحمەد ڕەسووڵ
(سلێمانی)

## تەنانەت گوڵێکیش

غەمگینتـر لـە غەمگینـی، دڵشـکاوتر لـە فرمێسـکی قەتیسـی نـاو چـاوی منـداڵ، گڵەکانیـان لابـرد، هەیانبـوو دوای سـەد سـاڵ، دوای پەنجـا سـاڵ، هەندێکیشـیان تـازە کـە بۆنـی گڵـی شـێداریان لـێ دەهـات، لـە گۆڕەکانیـان هاتنـە دەرەوە و بـێ ئـەوەی بڕواننـە هیـچ شـتێکی ئـەو دنیایـە ڕێگـەی ڕۆیشـتنیان گرتەبـەر.

یەکێـک لەوانـەی کـە بۆنـی ژیانـی نەکردبـوو لـە لێـواری گۆڕسـتانەکەوە دەیڕوانییـە دیمەنـی شـار، بـە مەینەتییـەوە چـاوی دەگێڕا و هێنـدەی زانـی کەسـێک کـە لـە تەمەنـی باوکیـدا بـوو لەولاتـرەوە پێـی وت:

وەرە، تەماشـای هیـچ شـتێک مەکـە، ئێمـە سـنگی خۆمـان کـردە قەڵغـان بـۆ پاراسـتنی ئـەم خاکـە و ئێسـتا کەسـانێک هاتـوون بوونەتـە سـەردار و کوێخـا ناشـزانن ئەسـڵ و فەسـڵی خۆیـان چییـە، زمـان نازانـن و هەمـوو دوایـان کەوتـوون.. وەرە بـا بڕۆیـن.

تەماشـای کـرد لاوە تەمـەن کاڵەکـە هێشـتا دەیەوێـت هەناسـەی تـر هەڵمژێـت کـە لـە ژیانـە کورتەکەیدا بـە فریـای نەکەوتبـوو، غەمگیـن نیـگا دەکات و یادەوەریـی دەگەڕێتـەوە لای ئـەو دایکـەی هێنـدە لەگەڵیـدا دانەنیشـتووە و بۆنـی نەکـردووە.

تەمـەن باوکەکـە بـە ئەفسووسـێکەوە پێـی وت: وەرە کوڕەکـەم، هەسـتە بـا بڕۆیـن، هاوڕێکانمـان هەمـوو ڕۆیشـتن، هەسـتە تـا شـوێن مردنەکەشـیان نەکردوویـن بـە باڵەخانـە و تـەلاری بـەرز، ئـەوان نـەک یادیشـمان ناکەنـەوە، تەنانـەت تاقـە گوڵێکیشـیان نەهێنایـە سـەر گۆڕەکانمـان!

لاوەکە پێی هەڵگرت و دوابەدوای ڕۆیشت، هەنگاویان نا و ئەوانی تریان بینی گەیشتبوونە لێواری شار، ئەوانی شەهید کە دوای شەهیدبوونیان سەری خۆیان لە خاک و زێدەکەیان هەڵدەگرت!

## خێراتر لە تانجی

ئەڵقەیەک بوون بە دەوری مێزەکەدا دانیشتبوون، ئەو کاتەی گەورەکەیان دەستی بەرزکردەوە و بانگی ئەو کەسەی کرد کە دوورتر وەستابوو، هەموو ئەندامەکان ڕوخساریان ترشا و گەورەکە وتی:

– وەرە تاژین ئاغا، وەرە دانیشە.

لەگەڵ دانیشتنیدا گەورەکە کورسییەکەی خۆی بردە پێشتر و وتی: ڕوخسارتان دیارە، پێویست ناکات.. پێتان سەیرە من ئەم تاژین ئاغایەم کردووە بە لێپرسراوی هەموو شتێک، گەنجێکی باش، زیاتر لە خۆم متمانەی تەواوم پێیەتی.

تاژین ئاغا دەستی بە سنگییەوە گرت و وتی: گەورەم من گیانفیداتم، خوێنم، ڕوحم، هەناسەم، هەموویان گیانفیداتن و لەپێناوتا سەرم دادەنێم.

گەورەکە زیاتر بۆ بەرزایی ڕوانی و وتی: ئەو فەیلەسووف باشییە کە دەڵێی لە گریکەوە هاتووە، بزانم بە کردنەوەی مەکتەبەکەی چ سوودێکی گەیاندووە!.. هیچ و سفر بەدەستەوە.. ئێستا بە تاژین ئاغا بڵێم خۆت بکوژە خۆیم بۆ دەکوژێت، وایە؟!

تاژین ئاغا چاوەکانی وەک فلّچەی جامی ئۆتۆمۆبیل گەڕاندن و وتی: بێگومان گەورەم.. خۆم دەسووتێنم هەر ئێستا بفەرموویت.

گەورەکە وتی نا.. ئێستا نا.. من دەمەوێت لەبەردەم فەیلەسووف باشیدا ئەو کارە بکەیت و پێی بڵێیت فەلسەفە چییە.

تاژین چاو فلّچە وتی ئەمر دەفەرموویت قوربان، سەرم لەڕێتە.

فەیلەسووف باشی دوای دوو ڕۆژ هاتبوو، قسەی لەگەڵ گەورەکەدا دەکرد و ڕوخساری لە ڕەنگی گەچ دەچوو، گەچێکی کۆن.. وتی: ئاخر من لەو سیحرە تێناگەم چەند ساڵ ئێمە ماندوو بووین، کەچی تاژین ئاغایەکت کردووەتە هەموو شتێک، نەخوێندەوار، بێ ئەزموون، دنیا نەدیدە!

گەورەکەیان وتی: ئەی باشە تۆ لەژیانتا ددانی خێرت بە کەسێکدا هێناوە؟! تۆ خۆتت لێ بووەتە ئەفلاتوون، ئەوە دەزانیت!! هەموو شاگردەکانت لەو مەکتەبەدا نرخی فلسە سووتاوێکیان نییە.

فەیلەسووف گەچین وتی: بۆ لاکەکە لێت نزیک بوونەتەوە، کەی لاک نەما ئەوان نابینیتەوە، هەموو کاسەلێس و بەرژەوەندخوازن و هیچیان لێ بەرهەم ناهێنیت.

گەورەکەیان برێک تووڕە بوو و وتی: ئێستا تاژین ئاغا بانگ دەکەم، ئادەی تاژین ئاغام بۆ بنێرن، دەیبینیت چۆن گیانی خۆی بۆ من بەخت دەکات و هەر ئێستا لێرەدا خۆی دەسووتێنێت، ئادەی با بێت.

پاش قەیرێک پاسەوانەکان گەڕانەوە و وتیان قوربان ئێستا لە پشت درەختەکانەوە بوو، کەچی دیار نەماوە!

ڕۆیشتنەوە و پاش تاوێکی دیکە گەڕانەوە، یەکێکیان بە هەناسەبڕکێوە وتی: گەورەم، تاژین ئاغا سەرەوخوار ڕای کردووە و ئەوەتا تانجییەکان دوای کەوتوون، هێندە خێرا غاردەدات تانجییەکانیش نایگرنەوە!

## فەرمانی دەستگیرکردن

دواجار فەرمانڕەوای هەرزە لەو بەیانییەدا فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ هەموو ئەو کەسانە دەرکرد کە لەدژی دەوەستانەوە و قسەی سارد و گەرمیان پێ دەوت و بووبوونە نەیار و هیچ شتێکیان بەدڵ نەبوو، لەو پێناوەشدا دەستوپێوەندەکەی کەوتنە گەڕان و پشکنین و دەستگیرکردنی نەیارەکان.

دەمەوئێوارە خەڵکێکی زۆر دەستبەسەر کرابوون..

لـە پیـاوان و ژنـان و کچـان و کـوڕان و منداڵانیـش، بەڵـکـوو تەنانـەت پیـر و پەککەوتـە و نەخـۆش و سـواڵکەر و ئەوانـەش کـە لـە کۆمەڵگـەدا هیـچ بایەخێکیـان نەبـوو. لەنێـو بەندکراوەکانـدا خێـزان و کەسـوکار و خـزم و ناسـیاوی دەسـتوپێوەندەکانیش هەبوون، خـۆ ئەگەر ئەندامان و دەسـتوپێوەندەکانیش لـەو کاتـەدا لـە ماڵی خۆیـان بوونایە ڕەنگە ئەوانیشـی بگرتایەتـەوە.

وەختـێ فەرمانـڕەوای قـۆڵ و باسـک ڕووت ئـەو دیمەنـەی بینـی، تـووڕە بـوو و بـە دەنگێکـی بـەرز بـە ڕاوێژکارەکانـی وت: ئەمـە چـۆن دەبێـت!! ئـەم ژمـارە زۆرە هەمـوو ڕقیـان لێمـە و حـەزم لـێ ناکـەن؟!.. یەکێـک لـە ڕاوێـژکارەکان وتـی: قوربـان ئەمانـە تەنیـا دانیشـتووی یـەک تاقـە گەڕەکـی شـارەکەن، فەرمانـڕەوا بەتووڕەییـەوە وتـی: هەموویـان بەتونـدی سـزا بـدەن، ڕوانییـە دیمەنـی منداڵـەکان و تـەواو سووربووەوە، وتـی: بزانـە چـۆن منداڵەکانیشـیان لـەدژم هانـداوە!. ڕاوێژکارەکـە بـە شـتێک لـە چرپـەوە وتـی: قوربـان باشـترین شـت ئەوەیـە بڕیـاری لێخۆشـبوونیان بـۆ دەربکەیـت، فەرمانڕەوا بـە وتەکـەی دەهـری بـوو و وتـی: چۆن!! لێخۆشـبوونی چـی؟!

ڕاوێژکارەکـە وتـی: قوربـان بـەو لێخۆشـبوونە کارێکـی شـیاو دەکەیـت، چونکـە ئەگـەر بـەردەوام بیـت، دەبێـت هەمـوو خەڵکـی شـار بگریـت و تێکڕای شـارەکە هەمـووی بکەیتـە زیندانێکـی تـەواو!

## درۆ

کـوڕ و کچەکـە تـاڕادەی شـێتبوون یەکتریـان خـۆش دەویسـت، بـۆ یەکتـری دەمـردن و بـێ یەکتـر هەناسـەیان بـۆ نـەدەدرا.. هەردووکیـان بەهەمـان شـێوە بەیەکتریـان دەوت: تـا مـردن خۆشـم دەوێیـت، لـە خۆمـم خۆشـتر دەوێیـت، دڵ و جـەرگ و هەمـوو ژیـان و موڵکـم.

بێگومـان لـە ناخـی ئـەو دوو عاشـقەدا مەیـل و بەرژەوەندیـی خـودی هەبـوو.. لەبـەر هۆکارێکـی بچـووک و نەزانـراو ماوەیـەک لەیەکتـر دابـڕان و ئـەو دابڕانەیـان درێژبـووەوە و سـاڵانێکی خایانـد، ئیتـر حەزیـان بـە بینینـی یەکتـر نەدەکـرد و حەزیشـیان بـە خۆشـی یەکتری نەدەکرد، بەڵکوو نەیاندەویسـت هەواڵـی خۆشـی یەکتری ببیسـتن و خۆیـان لـە ڕابوردووەکانیـان نەبـان کردبـوو.

ڕاسـتییەکەی شـتێک هەیـە پەنهـان لەودیـو خۆشەویسـتییەوە، ئەگـەر هەڵـە نەبیـن، ئەویـش شـتێکە بـاس ناکـرێ و هەمـووان پشـتی تـێ دەکـەن، ئەویـش خۆویسـتنە کـە لەژێـر وشـەی خۆشەویسـتییەوە خـۆی حەشـارداوە.

هەردووکیـان دوور لەیەکتـر بـەم چەشـنە بیریـان دەکـردەوە و ئـەوەی جێـی سەرسـوڕمانیش بـوو، چیتـر ئـارەزووی بیسـتنی هەواڵـی خۆشـی یەکدییان نەدەکـرد و سـەرکەوتنی یەکدییـان نەدەویسـت!

## وێنەکانی منداڵی

یـادی ڕۆژان و سـەردەمی منداڵـی هەردووکمانـی بـۆ دنیایەکـی خـۆش ڕاکێشـایەوە.. دیمەنـەکان و وێنـەکان لـە شاشـەی ڕووناکـی نـاو مێشـکمانەوە کەوتبوونـە جووڵـە.

هاوڕێکـەم وتـی: با ڕۆژێک بچینـەوە قوتابخانەکەی سـەرەتاییمان تـا وێنەکانـی خۆمـان وەربگرینـەوە، ناسـیاوێکم وای کردبـوو.

لەگـەڵ وتەکەیـدا مـن تـەواو گەڕابوومـەوە ئـەو سـاڵانە.

وتـم زۆر باشـە، گـەر تـۆ کاتیشـت نەبـوو، مـن دەڕۆم.

وێنەکانـم لـە میمۆرییەکدا دانا و بـەدەم پێکەنینەوە دەگەڕامـەوە.. وێنـەی هەردووکمـان لەگـەڵ وێنەیەکـی دانسـقەدا کـە لەپێشـەوەی تیپـی سـروود لـە ناوەڕاسـتی حەوشـەی قوتابخانە وەسـتاوین و سروودی نیشـتمانەکەم دەڵێین، پێدەکەنیم و سروودی دەمی ڕاپەڕین دەیبـردم، دوورتـر دەیبـردم.

گەیشتمە نزیک دووکانەکەی کامەرانی هاوڕێم و بینیم داخراوە، کاتێک دووکاندارێک هەستی پێ کردم وتی بڕۆ بۆ ماڵەوەیان ئەوە هەفتەیەکە ناساغە.

بەبینینی کامەران زۆر نیگەران بووم.. ئەو نەشتەرگەریی چاوی کردبوو، بەدەنگێکی خەمناکەوە کە دەتوت کۆتایی هەموو شتەکانە، وتی تۆڕی چاوم لەبەریەک هەڵوشاوە و هیچ نابینم، دوکتۆر دەڵێت ئیتر بۆ هەتایە تۆ بەم شێوەیە دەبیت! نەمزانی شەکرەی خوێنم بەرزبووەتەوە!

فلاش میمۆرییەکە لە گیرفانمدا بوو، ئەو وێنە جوان و دانسقانە بۆ سەردەمانی منداڵی گەڕانەوە، گەڕانەوە نێو خەیاڵە خۆشەکان و بە دڵێکی پڕەوە نەمتوانی هەرگیز باسیان بکەم، تازە چ سوودێکیان دەبوو کە ئەو چیتر ناتوانێ بە چاوەکانی ببینێت!

## دوا دڵۆپ

ئومێدی تەواوم لەسەر تۆ هەڵچنیوە، من دەزانم تۆ کە منداڵیش بوویت و کاتێک لە شتێک زویر دەبوویت، تا هەموومان داوای لێبوردنمان نەکردایە هەرگیز ئاشت نەدەبوویتەوە، قسە هەر قسەی خۆت بوو، ئەوەتا مرومۆچییەکەی منداڵیت لێت نابێتەوە و هەمیشە پێتەوە نووساوە!

دەیپوانییە ڕوخسارەکانی بەرانبەری و دەنگی باوکی لە گوێچکەکانیدا دەزرینگایەوە.

ئیتر من دەزانم نەخۆشم و خۆ تەمەنیشم چەندی تری مابێت هەر تەواو دەبێت، لەدوای من ئیتر دەبێ تۆ سەرقافڵەی هەموو شتەکان بیت، باسی کامە ئەندامت بۆ بکەم دواتر جگە لە چڵیتوپڵێت هیچی تر نییە، هەموو ئەوانە توێکڵە دارێکی وشک و برینگن، تۆ هەر بڕوانە، چاو ڕەژوو بێجگە لە فشەکەرێکی بوودەڵە فڕی بەو دنیایەوە نییە و قووقەی دەڵێی کەڵەشێرێکی جحێڵە بە دەنگە ناخۆشەکەیەوە، هەرگیز نەڵێیت کەسێکی ڕۆشنبیر و بلیمەتە، ئەو بەرداشێکی وشەکانە و ناشزانێت بیروباوەڕ مانای چییە.

تەماشای ڕوخساری کەسێکی دیکەی کرد و وتەکەی باوکی بیرهاتەوە: ئەوەیان بێجگە لە شەرواڵ پیسێکی دەمڕووت تەنیا دووکەڵی جگەرە بە با دەدات.

ڕوخسارێکی تر: هەر نازانێت دەمانچەش بەدەستەوە بگرێ و لەو خەڵکەمان کردووە بە جەنگاوەر و قارەمان.

ڕوخسارێکی تر: دز کوڕی دزە و کەس نازانێت کێ دایک و باوکیەتی، ئەوەیان گەنەیەکە بۆخۆی، ئەویان کرمە لیقەیە، مارمێلکە، تڕۆ، بوودەڵە، بۆرە چەقەڵ، شبر، ئەویشیان مێبازێکی ڕیوەڵە!

ڕوخسارەکانی هەموو دەبینی و دواتریش وتەکەی بیرکەوتەوە: ئەمەیانت هەرگیز بیرنەچێتەوە، بەڵام هەموویان لەناواخندا ترسنۆک و فشۆڵن، ئاگادار بە ترسنۆکەکان گورزت لێ نەوەشێنن، هەمیشە ترسنۆکەکان لەپشتەوە خەنجەرت لێ دەدەن.

بیریشت نەچێت، کێ تەپۆڵکەیەکی دروستکرد، تۆ خێرا دەیڕووخێنیت و لە چاڵی دەنێیت، هەر کەسێک بۆنی نیشتمانپەروەریی لێ بێت، دەیکەیتە پەندی زەمانە، ببە چاوساغی خاکفرۆشان، بۆ داگیرکەران پێشڕەو بە و بۆ نەتەوەپەرستانیش چقڵی تیژ و چەقۆی ژەهراوی.

کوڕم، تا دوا دڵۆپە خوێنت دژی میللەتەکەت بە، تا دوا دڵۆپت لە دەرەوە خۆت وەک هەماهەنگ پیشان بدە و لەناوەوەش هەمیشە دژ بە خواستەکانیان، ڕێگە نەدەیت ڕۆژی ڕووناک ببینن و هەردەم شەوەزەنگ بێت چرکەکانی ژیانە کلۆرەکەیان، تا دوا دڵۆپ!